# کڵاو

ئـــەوەش ببوو بەوەهمێک لەلای، هەروەک وەهمەکانی تر، کە لەلای ببون بە حەقیقەت.

چۆن بۆ یەکەم جار وەهمی ئەوەی لا دروســـت بوو، لە هەرسێ هەنگاودا دەبێ هەنگاوێک بکشێتەوە!!

یا دۆخین نابێ لەدوای بەستنەوەی کەمەری، بیخاتەوە ژوورەوە، نەوەک نێرایەتی بخنکێنێ..!!

یا جگە لە ئاوی باران هیچ ئاوێک بۆ خۆ شوشـــتن نابێ!

هەمیشـــە بەشـــێوەیەکی جەنجاڵ لەگەڵ فیکر و زیهن و ئەندێشەیدا گێژو وورو کاس بوو. دەنگێک لەناوەوە بەبەردەوام پێی دەگوت کوا کڵاوەکەی باپیرەت؟

ســـەردەمێک بوو بەدوای کڵاوەکەی باپیرەی ســـەرگەردان بوو، لەهەموو کەسێکی دەپرسی، ئەو کڵاوە ببو بە فریاد رەسی جەنجاڵییەکانی. بۆیە

# ئالوودە

چەند رۆژێک بوو سپێدە کە هەڵدەستام، لەبالکۆنی هوتێلەکە دادەنیشتم. بـەدەم خواردنـەوەی کوپێک قاوەوە، سـەیری دیمەنەکانی دەسـتپێکی ژیانی شـارەکەم دەکرد. وەک هەمیشە دیمەنەکانی دووبارە بوون.

پیرە پیاوە سـیدارە بەسەرەکە بایسکیلەکەی لێدەخوڕی. پاسەکان یەک لەدوای یەک لەوێستگەکە دەوەستان.

خەڵکەکە ووردە ووردە سـەردەکەوتن، هەرەیەک بۆ شوێنی کاری خۆی گوزەری دەکرد.

رۆژنامـە فرۆشـەکە، کۆمەڵە رۆژنامەکەی بە باوەشـیەوە نووسـاندبوو، بەمەچـەک و دەسـتی چەپییـەوە گرتبـووی، وەکـو دایکێکـی خاوەن کۆرپەیەکـی شـیرەخۆرەم دەهاتـە بەرچاو، لام وابـوو، هەواڵەکانی نێو رۆژنامەکە هێور دەکاتەوە.

